# لەبارەی کتێبی "لە بابەت مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە"

**د. ئازاد عوبێد**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)**

سەرەتا لەگەڵ هیوای ساغ و سەلامەتی بۆ مامۆستا جەمال خەزنەدار، دەستخۆشیش لە کاک ئیسماعیل تەنیا دەکەم لە ڕانانی کتێبەکەی. ئەو کتێبەی مامۆستا جەمال خەزنەدار دیارە پێشتر وەک وتاری جیاجیا لە کات و شوێنی جودا جودا بڵاوکراونەتەوە و مامۆستاش جارێکی دیکە هاتووە چاپی کردوونەتەوە(١)، بەبێ ئەوەی سەر بەو سەرچاوە و نووسینانەدا بگرێت کە دواتر بڵاوکراونەتەوە و زانیاری نوێیان تێدایە کە بۆ ساغکردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی زۆر گرنگن.

لەو ڕانانەی کاک ئیسماعیل تەنیادا ئەوەی بۆ بەندە بووە جێی سەرنج ڕۆژنامەی (ئازادی) نهێنی بوو، کە کاتی خۆی مشتومڕی زۆری لە نێو ڕووناکبیران دروست کرد.(٢)

- ئەو کاتە ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان)ی حزبی شیوعی کوردستان ساڵی (١٩٤٥)ی وەک یەکەم ساڵی دەرچوونی (ئازادی) کە (ڕێگای کوردستان) وەک درێژەپێدەری ئەو بەردەوامە، بەڵام دوای ئەوەی بەندە بە دوو وتار بە کوردی و جارێکیش بە عەرەبی لە هەردوو گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) و (الصحفي) بە ناوونیشانی (دیسان ئازادی)(٣) و (ئەوا خاوەنەکەشی گەواهی دا)(٤) و (و شهد شاهد من أهلها)(٥) بە بەڵگەی پێویست و جیا، تەنانەت لەسەر زاری مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی سەرنووسەری ئازادی خۆشی لە دیدارێکدا لەگەڵ سەعدی مالح، جەخت لەسەر دەرچوونی (ئازادی) نهێنی لە ساڵی (١٩٤٤) کراوەتەوە، ئەوە وێڕای بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیا !.

سەرەڕای ئەمانە، پوختەی نامەی دکتۆرای د.کەمال مەزهەر کە بە زمانی ڕووسی چاپ بووە (٦)، ئەویش ئاماژە بە (ئازادی) نهێنی وەک سەرچاوە کراوەو ساڵی دەرچوونی بە (١٩٤٤) داناوە.

دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان)، لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو وتارەی دواییان بە کوردی و بە عەرەبی، ساڵی دەرچوونی (ئازادی)یان لە (١٩٤٥)وە کردە (١٩٤٤) تا ڕاوەستانیشی هەر ئەو ساڵەیان دەنووسی. هەر لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم دیارە مامۆستا جەمال خەزنەدار خۆیشی ئەو ژمارانەی (ڕۆژنامەنووس) و (الصحفي) هەیە، تەنانەت بەندە توێژینەوەیەکیشی لەسەر ژیانی مەلا شەریف نووسی و لە

ساڵی ٢٠١٢ لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی بڵاوکراوەتەوە(٧)، بەڵام وا دیارە ئەو نەیپرژاوەتە سەر ئەوەی ڕاستیان بکاتەوە و وتارەکانی وەک خۆی چاپ کردووە!

وەک دەڵێ قسە قسە ڕادەکێشێ، هەر لەو کتێبەی مامۆستا جەمال خەزنەدار لە بارەی ڕۆژنامەی (کوردی) ڕۆژگاری سمکۆی شکاک کە لە سێ شوێن لە لاپەڕەکانی (١٨١، ١٨٣، ٢٠١) لە پەراوێز (ساڵی دەرچوونی بە ساڵی (١٩٢٠) دیاری کردووە(٨).

دیارە بەندە دووجار سەبارەت بەو ڕۆژنامەیەش نووسیومە و یەکیان لە گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) بە ناوی "داخۆ ڕۆژنامەی (کورد)، یان (بانگی حەق)(٩) یەکەمین ڕۆژنامەی شۆڕشی کوردستانە؟" جاری دووەمیش دوای بەر دەست بوونی ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەکە خۆی توێژینەوەکمان لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی بڵاوکردەوە(١٠) و ساڵی دەرچوونیان بە ساڵی (١٩٢٢) دیارکردووە. کاتی خۆشی بە مامۆستاشم گوت.

ئەمە تەنیا بۆ ڕاستکردنەوە و بەرچاوڕوونییە، بۆ پتر خزمەتکردنی مێژووی گەلەکەمان.

لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ گۆڤاری (ڕامان) و شاد بوونەوە بە دیداری مامۆستا جەمال خەزنەدار و کاک ئیسماعیل تەنیا.






**پەراوێزەکان:**

(١) جەمال خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، چ. هەولێر، ٢٠٠٦.

(٢) بۆ زانیاری پتر بڕوانە، ئازاد عوبێد ساڵح، دیسان "ئازادی" ڕۆژنامەنووس (گۆڤار) ژمارە (٤)، ٢٢ ی نیسانی ٢٠٠٥، ل١٧٨-١٧٩.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) ئازاد عوبێد، ئەوا خاوەنەکەشی گەواهی دا، ڕۆژنامەنووس، ژمارە (١٤)، هاوینی ٢٠٠٨، ل١١٢-١١٤.

(٥) ازاد عبید صالح، وشهد شاهد من اهلها، الصحفي (مجلة)، اربیل، العدد (٤٨)، کانون الثاني ٢٠٠٩، ص٤٤.

(٦) کەمال مەزهەر ئەحمەد، بزووتنەوەی ڕزگاریخواز لە کوردستانی عێراق ساڵانی ١٩١٨-١٩٣٢، باکۆ، ١٩٦٧. (بە ڕووسی).

(٧) ئازاد عوبێد ساڵح، ژیان و تێکۆشانی مەلا محەمەد شەریف عوسمانی ڕەنگەڕێژانی ١٩٢٥-١٩٧٦، توێژینەوەیەکی مێژووییە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٢)، ساڵی ٢٠١٢، ل٢٤١-٣٠٠.

(٨) جەمال خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، ل١٨١، ١٨٣، ٢٠١ پەراوێز.

(٩) د. ئازاد عوبێد ساڵح، داخۆ ڕۆژنامەی کورد، یان بانگی حەق یەکەمین ڕۆژنامەی شۆڕشی کوردستانە؟ ٢٠٠٧، ل٧١-٨٧.

(١٠) د. ئازاد عوبێد ساڵح، ڕۆژنامەی (کوردی سمکۆ ١٩٢٢)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، (٣٣)، ٢٠١٦، ل٢١٣ - ٢٤٨.